# (((ئەوکەهەمیشە دەبارێت)))



**حسێن ئەحمەد**

**((دۆزەخ ئەوکاتەیە دەرگالەژنەکان دادەخەین**
**بۆکردنەوەی دەرگاکانی بەهەشت))**
**کریستۆف پێرمان.**

## ئەولەتەنهایم دەبارێ و

**من خوێڕێتیم دەڕژێتەسەرجادە**
**فیچقەدەکاتەسەررووم و**
**دینداریم پڕدەبێت لەشەهوەت**
**دێتەپێخەفەکەمەوەو**
**عابیدیم دەگۆڕێت بەشەیتان**
**شتێک دەڵێت ئەودەبارێ و**
**وەک سەهۆڵ دڵۆپەدەکاتەسەرسینەم**
**وەکوبادەخزێتەنەفەسەکانمەوە**
**ئەی بینم**
**چەشنی دێوانەیەکی بێلانە**
**خۆی دەکات بەژورەکەمداو**
**دەست دەگرێت بەپایەکانی دڵمەوە**
**باخەکانی عاتیفەم ئاودەیات**
**خۆی دەیات لەنیگام**
**وەک هەورئاسمانی ژورەکەم پڕدەکات لەباران**
**وەک بەفرناڵینم سپییەکات.**
**من هاواردەکەم ئەی جەللاد**
**ئەی ئەوەی خوداڵەدیلێتیم دەردەکەیت**
**ئەهریمەن دەخەیتەبەردەرگام**
**وەک پارچەدارێکی بچکۆلەفڕکم دەناوکۆڵان**
**وەک تانجییەکی دەردەداربم پێکە**
**بم کوژە بەرلەوەی سۆزی خۆم کاسم کات**
**بەرلەوەی ببمەهەواداری مەیخانەو**
**پێک هەڵدەم لەچاوی ئایندە**
**بەرلەوەی سەنگی تۆلەتای غەمگینی مندابکەوێت**
**دەرم کە**
**دەرمکە وەکوچۆن باڵندەلەدارستانەکاندا دەردەکەیت**
**بەیانی لەوەرزەشومەکان دەفڕێنیت**

**من لەمزگەوتەکان دەبەیت و**
**ڕێم نادەی هەڵبێمەباوەشی خوداوە**
**ئەودەڵێت:**
**ماچم کەلێوی من دەست نوێژی پیاوچاکان ناشکێنێت**
**جەستەی من دوورت ناخاتەوەلەبەهەشت**
**گۆنای من ڕۆژوبەتاڵ ناکاتەوە و**
**کەس ناکاتەدۆزەخ نشینێکی ڕیاکار**
**ڕێگای من ئاڕاستەی نوردۆستان ناگۆڕێت.**
**دەستم درێژدەکاتەسەرسینەی**
**ڕەنگی لێوی لەگۆنام هەڵدەسوێت**
**قامەتی دەنێتەسەرباڵام**
**پەنجەرەکانم دادەخاوپەردەکان دەدەیاتەوە**
**فێرمەکات ببمەدز**
**ببمەمەیزەدەیەکی گوناهبار**
**ببمەسێکسەوانێکی هاتیوباز**
**ئەپرسێت لەکوێیەبەهەشت؟**
**لەکوێیەڕوباری شەراب**
**تاڤگەی شیرباخچەلەسەراب؟**
**من دەڵێم سەدای تۆئاوازی دەردەکانی من تێکنادات**
**عیشەوەی تۆڕێگای مردنم ناگۆڕێت**
**هێزی تۆلەخودام ناشارێتەوە**
**تەنهایی کەوەک پیرێکی کەفتەکار**
**بەهەیوانەکەماندادەڕوات وعاجزیم دەبینێت**
**بەدەرگاکەمانداڕەت دەبێ و پیربوونم دەردەخات**
**دواجاردەبێت واتێبگەم**
**بەهەشتی من ڕاکردنە لەباخەزەردەکانی سینەی تۆ**
**نەشئەی من حەرام کردنی میوەگەیوەکانی سەردڵتە**
**کەوەک خۆرئارەزوم پێدەخەنەسەرسینەت**
**کەوەک مانگ شەوگارم پێدەکەن بەبەهەشت**
**ئەودەڵێت:**
**من فاڵت بۆدەگرمەوە**
**بەیانییەک تۆلەهەواداون دەبیت**
**کەلەت دەبێت بەهێلانەی پاسارییەکانی قەراخ شار**
**لەفڕین دوادەکەوی وباڵەکانت هەتیوێک دەیان بات**
**لەژیان بزرەبی وئەبیتەحیکایەتی پیاوکوژان.**
**چییەکەیت چییەکەیت کەخودانازانێت تۆتەنهایت**
**غەریبیت لەم جادانەیانابینێت**
**دەست ڕاناکێشێتەسەردەردت**
**چێیەکەی چییەکەی**
**کەسێ ئاگای لەتۆنییە من نەبێت**
**کەس ڕوتیت نابینێت من نەبێت**
**ئەزانم تۆئەبیتەمەیفرۆش ونوێژکەران شەرابت تیائەخۆن**
**پیاڵەت تیادەشکێنن خودات پیادەڕژێنن**
**وەک باران کەئاسمان دەیڕێژێت.**
**قیمەتت دەشکێنن**
**وەک شوشەکەباقیمەتی دەشکێنێت.**
**ئەزانم ئاخیرجار**
**تۆئەبیتەجەنگاوەروبەتیری خوداکان ئەفەوتێیت**

**ئەبیتەکۆچەری و شەرەفت ون دەکەیت**
**ئەبیتەشەلاتی وناموست ئەڕژێتەبەرپێی با**
**ناوچاوت وادەڵێت**
**ڕوخسارت ناودەستت وادەڵێن**
**من دەڵێم:**
**خودای من لەکێڵگەی بێوەیی مندایە**
**ئەوین لەسەرمادادەنێ و**
**لەدڵمازیان دەکاتەوە وەک ئاگر**
**لەشەودا وەک دراوسێیەکی تیرئەندازتەنهاییم دەخوازێت.**
**هەمیشە دۆعامی بەدەستەکانییەوەگرتووەو**
**گەربڵێم بێ پرسیاردەمنێرێت بۆبەهەشت**
**بێ پرسیارزیندەگیم بۆ دەهێنێتە ناوکۆڵان.**
**خودای من لەبازاڕەکاندانام بینێت**
**لەتیاترۆکاندانام بینێت**
**لەباوەشی تۆدانام بینێت**
**ئەوکاتەش نامبینێت کەوەک شەلاتییەکی بێسلوک**
**جگەرەدەکێشم و ژیان دەخەمەمەترسییەوە**
**ئەوخاوەندارێتی من داکات و**
**هەمیشەبەدزی مانگەوە یەکتری شەرمەندەدەکەین بەنزا**
**یەکتری تاڕادەی بێدۆستی دەکرۆژین.**
**ئێواران کەستارەوەک منداڵێکی گرینۆک هەڵدەستێ و**
**خۆی بەئاسمانەکانەوەدەگرێت وشیردەخوات**
**خودای من دەست دەکات بەگریان**
**باسی ئەورۆژەم بۆدەکات**
**هەتیوی خۆی لەباخەدوورەکانی عەدەنادەبینێ و**
**بەسەرلقی تەنهایی خۆیەوە بیردەکاتەوەچۆن بمرێت**
**چۆن دەست لەکارەساتەکان ڕابگرێ و**
**بەشەرمی موسافیرێکی ونەوە بپرسێت:**
**ئەم ڕێگایەچۆن دەمبات تامردن...؟**
**چۆن دەمباتانەهات ؟**
**تائەودیوعەرشەشومەکانی خودایی و**
**تاشکست کەلەسنوری شاهیماوەک تاجی مەلیکیم دەلەرزێت.**
**ئەو وەک دێوانەیەکی ڕەمیدە**
**شەق بەدیوارەکاندا دەکێشێ و**
**کچێنی خۆی بەشمشێرکەرتەکات**
**شەکوای خۆی دەخاتەخوێنی منەوە**
**تیری خۆی دەگرێتەسەرسینەم**
**وەک ئاوفرۆشێکی بچکۆلە**
**کەبەختیاری لەتینوێتی موسافیرەکاندادەبینێت**
**کەمنداڵی بەجامێک بەفراوی ساردەوە دەفرۆشێت**
**پێم دەڵێت :**
**ئەی ئەوەی چاوەڕێی بەهەشتیت لەودیوخەونەتاریکەکانی خۆتەوە**
**ئەی ئەوەی ماتڵیت بەدیارشەتڵی ئەم باخانەوەکەدەردە**
**نیشتەجێی لەناوعەرشی ئەم کۆترانەداکەخوێنە**
**دۆزەخی تۆ ماندووبوونە لەسیلەی کۆڵانەکانی بەهەشتا**
**خواردنی شەرابە بەدەستە نورانییەکانی خۆداوە**
**دۆزەخی تۆ پاڕانەوەیە لەهەتاو لەڕۆژێکی ژاکاوی هاوینا**
**وەرینی تۆ بینینەوەی نەکسەی منەلەکۆتایی و بێمانا بوونی ئەوینا**